**الاتحاد العام اللاجئين العراقيين**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

---

# پێکدادان وورووبەرووبوونەوەکانی پاریس،
# بەرهەمی سیاسەتی راسیستی دەولەتی فەرەنسایە

ئەمرۆ دووهەفتەیە بەسەر رووداو پێکدادانە توندو تیژیەکەی شاری پاریس/فەرەنسا تێ دەپەڕێت کە بەهۆی کوشتنی دوو لاوی لەدیك بووی خەڵکی ئەفریقاوە رووی دا لەکاتی راوانای پۆلیس و گەران بەشۆینیاندا گیانیان لەدەست ئەدەن وەتائیستا هەوالەکانی هۆکاری روودانی لەناوچوونی ئەم دوولاوە رانەگەیەنراوە ،بەپێ سەرچاوە خەبەریەکان ئەم روداوە دەبیتە هۆی سەر هەڵدانی ئەم تووندو تیژیانەوە ولەئاکامی ئەم رووبەرووبوونەوەی نیوان پەنابەرانی ئەفریقاو ئاسیا زیاتر لە1300 سیارە و دەیان دوکان و مخزن و شۆینی بازرگانی دەولەتی و تەنانەت قوتابخانە سوتینراوە وە سەرئەنجام 312 کەس تا ئیستا دەست گیر کراوەو ئەم رووبەرووبوونەوەیە سەرتاپای شۆینەکانی پاریسی گرتووتەوە بەتایبەتی شۆینە فەقیر نشینەکان.

ئەم پێکدانانە و هەڵچوونانە بەهۆی سیاسەتی راستی و ناسیونالستی دەولەتی فەرەنساوەیە لەبەرامبەر پەنابەرو ئاوەری خەڵکی ئەفریقاو ئاسیا یەکان کە بەهۆی رێگری سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوریەوە لە پەراویزی کۆمەڵگای فەرەنسادا هەژاری و بیکاری یان بەسەردا داسەپاوەو وە . سیاسەتیکی راسیستی کەپشی بەستووە بە رووانگەو بوچوونەکانی "میلّتیکەلچرالیزم"و "یژەیی بوونی بەفرەهەنگی" دەولەتی فەرەنسا کەبەهۆیەوە خەلکی پەنابەر بەپێی هەویەتی درۆزنانەی قەومی ورەگەزی وئاینی وفەرهەنگی وولاتی‌یان دابەش دەکا و لەشاری‌ی پیشکەوتن و مەدەنی کۆمەلگا دایان دەبری وبەم پی‌یەش ماف و ئازادی‌یەکانیان سنوردارەدەکرێ و هەویەتی کۆمەلایەتی وهاولاتی بوونی یەکسانیان دەخریتە ژێر پێوە و بەکەسانی"بیانی" بەحساب دێن.

ئێمە لەفیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی دەولەتی فەرەنسا بە بەرپرس دەزانیین لەبەرامبەر ئەو پێکدادان و توندو تیژیانە کە هیچ شۆینێکی ئەمنیتی بۆ دانیشتوانی پاریس نەهیشتۆتەوە و دەولەت دەستی کردوە بەگرتن و راونانی خەڵکی بیانی لەو ناوچانەی ئەم رووداوەی لێ کەووتۆتەوە ،کاتی ئەوە هاتوو هەموو ئەو سیاسەت و بریارانەی کەلەپشتی‌یەوە میلتیکالچرالیزم و نیسبیەتی فەرهەنگی راوەستاوە، هەڵپیچیرێ و ئالووگۆرێکی جدی و ئینسانی لەجیگایدا دابنرێ کە ماڤی هاولاتی یەکسان و مافە جیهانگری یەکانی ئینسانە..

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**2005-11-6**

---

www.federasion.org

Tel:00447734704742